# من لەئێوارەیەکدا دەمرم

ئیدریس عەلی

چاوم لێبو لەویوە
لەپشت شورەی خەیاڵی ژنێکەوە
مناڵێك بۆبەشەسەوزەکەی شیعر دەگریا،
سەربازێك لای دیوە تەڕەکەی گۆرانییەوە
مەتارەی پڕدەکرد لەخوێن،
سواڵکەرێك لەژێر بارانبارینا
چەپکە گزنگی دەپەڕاندەوە نێو برین،
باخەوانێك دەرگای باخی بۆیە دەکردو
خەیاڵی هەر لای بێڕەنگی گوڵەکان بوو،
پۆلیسێك پشتی لەدیوە تاریکەکەی شەوێ کردبوو
مانگی هەراسان و ئەستێرەکانی شەوارە دەکرد
جارجاریش بەبارانی دەگوت:
کێی زەلام؟
من لێرە
لای بەشە فێنکەکەی عەشقەوە
لەبەرخۆمەوە ترسام
خۆزگەم خواست شەقامێك بمبات
بەدەم شەپۆلی هەنگاوەکانەوە بمبات،
خۆزگەم خواست گوڵێکی تورِ دراوی قەراخ جۆگەیەك بمبات
بەدەم رژانی رەنگەکانەوە بمبات،
بمبات و دیوار بەردە بارانم نەکات
پەنجەرە نەڵێت منیش دەفرِم
باخچە ورتەی لێوە نەیەت لەمن رۆشت،
خولیام بوو هەتاوێك
لەگەڵ هەڵمی سەر رووبارەکاندا بمبات
ژنێك خەیاڵ نەکات دایکم بێت
پەپولەیەك بیر نەکاتەوە هاورێم بێت. .
کەچی من لەناکاو
لەئێوارەیەکدا ترسام
خودایە. . ئێوارەیەك بوو خاڵی تۆ. !!
وەك ئەوەی چاوەڕێی هاتنی کەسێکم کردبێ و
وەك ئەوەی سەفەرم بۆ نیشتیمانی گوڵ کردبێ و
رۆحم لەژێر گەڵا هەڵوەریوەکان بەبارمتە دانابێ،
وەك ئەوەی دڵم بەمیوانێکی نیوە شەو تەنگ بووبێ

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

www.kurdistannet.org
30-5-2003 2:47

کاتێ ژوورەکەم پڕ لەدووکەڵو لەقوڵپی بێزاری دەکات،
وەك ئەوەی خولیام بێت
لەکۆڵانی عەسرێکدا مناڵ ببمەوەو
دەچمە بەردەم ئاوێنە پیرەکەو
دەست بەخوێندنەوەی شیعرێکی تازە بکەم. .
چرایەك روونتر لەتیشکەکانی بەیانی
لەبەردەم زریانی هاتنتا هەڵدەکەم
وەك ئەوەی نەرمە شەپۆلی خەیاڵێك
لای دابێتمە نێو شینایی خەونێکەوە
کراسە پرتەقاڵیەکەی تەنیایی دەپۆشمو
چنگ لەبەرپێی هاتنت گیر دەکەم،
ئای خوایە. . من عومرێکە لەئێوارەدا چاوەڕێم
خاڵی لە تۆ. . !!
وەك بلێی لەشەقەی باڵی کۆترێکی خوساو بەفڕین
لەخەوی قوڵی بەیانیەکدا راچڵەکیبم
دەست بەچڵێ هەتاوی ساردەوە دەگرم
پێم خۆشە بەئاسمانە دوورەکاندا بمبات
بمباتو لەتاریکی ئازارێکدا
لەقوڵای برینێکدا تەواو بم. .
کەچی من لەئێوارەیەکدا ترسام
لەبەرخۆمەوە هاتمەوە بەر دەرگا
سڵاوی مراوییەکم سەندەوە
بۆ حەوزێك دەگەڕا غوسڵی تەنیایی تیا دەرکات،
لەدڵی خۆمدا عەرەبانچییەکم راگرت
بەژنانی کۆڵانی دەگوت:
وەرن بۆ میوەی زەردەخەنەو
بۆ یادگاری ترشو شیرین. . !!
پیرە ژنێکم دایە بەر رێژنەی تەشەر بەمناڵانی دەگوت:
کێ لەگەڵم دێت بۆ مردن. . پێیدەگوتن:
کێ مردنم لەگەڵدا بەش دەکات. . !!
لەژێر لێوەوە کەناسێکم تەریق کردەوە
گمەی رژاوی ژێر ویژدانی درەختێکی خڕ دەکردەوە،
کچێکم بەشیعر دوواند
بەر هەیوانی یادگاریەکانی
بەبزەی گەڵایەك ئاوڕشێن دەکرد،
من لەوێ. . دڵم وەخت بوو دووجار داچڵەکێ
من لەوێ. . رۆحم وەخت بوو دووجار داخزێ،

لەبەرخۆمەوە سوێندم خوارد پێی دەڵێم:

دەتوانین پێکەوە لەژێر پەتوی ئەم (با) یەدا بخەوین؟

ئای خوایە. . تاسبەی ڕووناك دەبێتەوە

من ئەو چەندجار دەبێت بەکۆڵانی تەڕیی یەکتردا رابکەین. . ؟

وای خوایە گیان. . تاسبەی سپی دەبێتەوە

هەردووکمان چەند جار دەبێت بەدرەختی ڕووتی یەکتردا هەڵزنین؟

کەچی من لەئێوارەیەکدا ترسام

ئێوارەیەك بوو کۆترەکان ناوەخت بوون بۆ فڕین

گوڵەکان درەنگ بوون بۆ سەما. .

ئیتر من لەبەردەم یەکەمین زەنگی ڕاچڵەکیندا

تەرمی بێنازی شەهیدە نەناسەکانم ژماردو

لەبەردەم یەکەمین زەنگی مناڵ بوونەوەمدا

پەنجەرە تاریکەکانی مەکتەبم ڕووناك کردەوە

لەبەردەم یەکەمین زەنگی مردنا

ئاوی بن درەختەکانی ئێوارەم دان،

ئێوارەیەك بوو باوکم لەقوڵایی ئاوێنەکەدا چەقیبوو

پێی گوتم: من دەمرمو ئەم بارانە خۆشناکاتەوە. . !!

من پێکەنیمو گوتم:

ئاقیبەتی باخچە پیرەکەت خێربێ باوکە. . !!

پێم گوت: باوکە تەماشا چەند مناڵ بوومەتەوە

ئەڵێی ئەو بەیانیەم کەبۆنی چۆلەکەم لێدەهات،

ئەڵێی ئەو شەوەم کەرەنگی ئەستێرەکانم لێپڕا،

ئەڵێی ئەو ئێوارەیەم لەداخستنی دەرگایەك داچڵەکیمو

لەشکانی ئاوێنەیەك ترسامو تۆم تیا کوشت

ئەو ئێوارەی لەکەوتنە خوارەوەی گوڵدانێك وردوخاش بووم،

چاو باوکە. . هەر لایەکم بەکەڵبەی ڕۆژگارێکەوەیە؟

هەر بەشێکم. . بەلمۆزی وەرزێکەوەیە!!

ئیتر باوکە

من لەئێوارەیەکدا دەمرم

تۆ نازانی هەتاو لەکوێی نیشتیمانەوە ئاوادەبێ،

نازانی چۆڕاوگەی خوێنم

دەڕژێتە نێو تاریکی چ برینێکەوە

نازانی جلکە تەڕەکانی شیعرم

بەتەنافی چ خەیاڵێکەوە هەڵخەیت،

وای خوایە ئەوە چ ئێوارەیەك بوو

تێیدا مردم؟

www.kurdistannet.org كوردستان نێت